# خۆره

## كاوان فەتحی

**دیمەن:** هەر لە بەر درگای هۆڵەکەوە فەزای شانۆ دەس پێ دەکات . درگای هۆلەکە بەچەندپیتێ بە خەتێ بزمارو سانسکریت و نەخش و نیگاری زەق نەخشێنراون کە پێوەندیان بە ئایین و فۆلکلۆری‌کوردییەوە هەیە . ناو هۆڵی شانۆش هەر بەم چەشنە رازاوەتەوە . بەلای راست و چەپی شانۆگەدا دوو چوار چێوەی بەرز بە شێوەی قەفەس هەیە. تەختی هۆلەکە واتە باریکە ڕیی پشتەوە کە شوێنی هاتوچۆی بینەرانە بە شێوەی بیابان‌کێشراوە تەوە . دیواری بەرەوەی تەختی شانۆ کە بەرزی شانۆگە دەنوێنێ هەر بەم چەشنە ،نەخش و نیگاری لەسەر کێشراوەتەوە . لە پلیکانەکانی شانۆگە کە دیمەنی شانۆ دەکێشێتە ناوهۆلەکەوە دورێگە دابین کراوە کە دەورگیراون بە ئاسانی بتوانن بچنە ناو بینەران.تەختی شانۆ:تەختی‌شانۆکەبە شێوەی بیابانێکی وشک‌ورێک‌رەسم‌کراوە.هەمووپەردەکان‌کراوەن‌وکاسەسەرێکی‌گەورەی‌مرۆف،کەلەبنی شانۆگەوە تا ناوەراستی گرتووە، دانراوە و درێژەی بربڕەی پشتی چەقیوەتە نێوعەرزەوە کە بەرزییەکەی 3مترێک دەبێ . بەدەمی کراوەوە کاسەسەرەکە زۆرراستەقینە و سروشتی دەنوێنێ .. لە سەر ئەم کاسەسەرە و لە بۆشایی ناوی دا دەور گێڕانێک دەور دەگێرن . مەبەست لەبۆشاییەکان‌جێگەی‌چاوولووتە. لە نێو دەمی کاسەسەرەکەدا قوربانگەێک دەبینرێ کە دوو مەشخەل لە دوولاوە روونی دەکاتەوە گۆزەیێکی گەورە لە لای چەپی قوربانگەوەیە بەسە ئەم گۆزە شەوە هەمان نەخش و نیگاری سەرەوە هەیە

قوربانگە دەبێ جێگەی دوو کەسی تێدا بێتەوە . سێ پلیکان بۆ ژێر گەروی کاسەسەرە کە دابین کراوە کە دەور گێران لەم رێگەوە دەتوانن بۆ ناو قوربانگەیان شوێنە کانی دیکەی کاسەسەرەکە بچن .لە گۆشەی راستی شانۆگە کۆتەیەکی قەساوی و هەروەها قولاپێ (چەنگەیەک)لە سەقفەوە بۆ هەڵواسینی گۆشت دیارە . لە لای چەپیشەوە کۆتەیەکی تر هەیە.دوو گزلیک و شەللاقێ دەنگی هەورەتریشقە و گژەبایەک دێت پاش تاوێک بێدەگی زاڵ دەبێ و پاشان موسیقایە کی نەرم و دلنشین دیتە گوێ . لەم کاتەدا دەورگێرێکی تێکسمڕاو حالەتێکی تایبەت مەشخەلەکە ی بەدەستەوەیە و لە تەختی شانۆ دا دەگەرێ پاشان دەگاتە بەر تەختی شانۆ و لە بینەران دەروانێ.رووناکی مەشخەل تاکە رووناکی تەختی شانۆیە .موسیقا دەگۆرێو ریتمە کەی توند تر دەبێتەوە . لەم کاتەدا تیشکێکی سوور دەهاوێژرێتە سەر کاسەسەر.دەورگێر بە ترسەوە وەردەگرێ و چاوی بە کاسە سەدەکەوێ ، لە ترسان تەختی شانۆ بە جێ دێلێ و هەل دێ. تاریکی نووتەک ، دەنگە دەنگ دێ هێدی هێدی لە ناو ئەم دنگانەوەدەنگی ناڵە ناڵی ژنێ کەخەریکە مندالی دەبێ بە ڕوونی دێتە گوێ. دوو تیشک لەدولایەنەوە راست و چەپ دەکەوێتە سەر شانۆگە و ژن و پیاوێک لە شێوەی منداڵی نێو زگی دایک لە دوولایەنەوە فڕدەدرێنە سەرتەختی شانۆدەها و یژرێتە سێن!بە سەرو روویەکی تەڕو جلغە کە کراسێکی سپیان لەبەر دایە و پاش تۆزێک پەلەقاژەێ و هەست بە سستی ، بە کزی لە سەر پێ دەوەستن (بێدەنگی)لە پڕ شەش کەس لە شوێن و بۆشایی ناو کاسەسەرەکەوە دێنە دەر و خەریکی کایە دەبن تۆزێک چاولەیەک دەکەن و بە گومانەوە بەرەویەک هەنگاو هەڵدێنن (پێکەنینێکی درێژ خایەن) ژاوە ژاوی پێکەنین [ژاوەژاوی پێکە نین ، پێکەنینی دەورگێرانە

له ناو کاسەسەرە کە ] پاش ئەوەی ژن،پیاو لێک نزیک بوونەوە،چما یەکتریان ناسیوە، بە کەیفەوە تۆزێک پێکەوە کایە دەکەن پاش ماوەییک لە تەختی شانۆ دەچنە دەرەوە. دەورگێرانی دیکە هێشتا خەریکی کایەن کە هەر کامیان لە شوێنێ کە بۆیان تەرخان کراوە دەوردەگێرن قەدەرێکی دیکە هەمۆیان هەست بە ئێش و ئازارێکی زۆر دەکەن وەک مار گەزتوو بەسەر عە رزدا دەکەون.[تاریکی] موسیقایەکی هێدی و بە شکۆ دێتە گوێ رووناکی دوولایەنی دیمەن دەکوژێتەوە و پیاوێک لە قوربانگە دەردەکەوێ خەریکی نزاوسکاڵا دەبێ[پشت بە بینەر] لیباسێکی سوورلە شێوەی (راهێبە)ی لە بەردایە پاش تاوێک سەگێگ لە قوژبنی بەر تەختی شانۆ دەردەکەوێ رووناکییەکی کز دیاری دەخا. ئاڵقەیەک کە تەنافێکی پێیوەیە لە ملی دایە،خۆی بە کۆتەی قەساودا دەماڵێ و بۆ دەکات و لەسەر شانۆ دەجووڵێ و چاوی بە پیاوی پشتکوور دەکەوێ. ئەم پشت چەماوە هەر ئەو پیاوەی نێو قوربانگەیە.سەک بەرەو قوربانگە دەچێت لەم کاتەدا هەر ئەو دەورگێرانە (شەش کەس رەش پۆش)لە خەرەندەکانیان سەریا ن هەلهێناوە لە پیاو و سەگ دەروانن. هەر کام بە چە شنێکی تایبەت. پیاو دەفرێک لەبەری گۆزە کە پڕدەکات ئەم دەفرە پیاوی تێکسمڕاوسەرەتای شانۆ بۆی هاورد و دەرخواردی سەگی دەدا، سەگ تۆزێکی لێ دەخواتەوە پیاو دەفرەکە دادەنێ و پاش تاوێک سکاڵا گزلیکە دەسک ئێسکەکەی خۆی لە پشتوێنەی دەردێنێ و گەرووی سەگ دەبرێ! خوێن هەڵدەقوڵێ لەم کاتەدا دەورگێران دێنە سەر تەختی شانۆ و لێک دەئالێن و شەر دەکەن پشتکوور لە ناو قوربانگاکەدا خەریکە دەروانێ و سەگ وشک و رەق وەستاوە،پیاوی پشت چەماو دەفرەکەی لە خوێنی گەروو ی سەگ پڕ دەکات و دەیرژێنێتە ناو گۆزە و دیسان دەفرەکەلە

خوێنی ناو گۆزەکە پڕدەکاو دەیخواتەوە لەم کاتەدا سەگ دەدرێ بە ئەرزداو دەکەوێتە گیانەڵڵا .موسیقا هەر هەمان قاوە قاو ناڵە ناڵی دەور گێرانەکە لەسەر کاسەسەرو بۆشاییەکانی ئەم دیمەنەیان دیتووە. هەر کام لە دەور گێران لە سەر کاسەسەرو قوژبنەکانی دیمەن بە شێوازێکی تایبەت دێنە بەر قوربانگە و پیاوی پشتکوور ، ڕوبە کوڕنۆشەوە دەقیژێنن و دەناڵێن .پاش تاوێک بێدەنگی هەموودەور گێڕان بە ئاماژەی پیاوی پشتکوور کە ئێستە دەستی هەڵێناوە سەمایەکی تایبەت دەست پێدەکات. سەماییێک لە شێوەی سەمای ڕەش پێستەکانی مەراکێش.[ڕووناکی بە فلاشڕ]پیاوی کوور دێتە ناو دیمەنەوەبە ناویاندا دەگەڕێ.هەموو دەورگێران لیباسێکی ئاودامانی ڕەشیان لەبەردایە.کەلاکی سەگ هەرلەوێدا کەوتووە.[تاریکی دیمەن دادەگرێ]بێدەنگی. دەورگێران لە جیگای خۆیاندا وەستاون [لەسەر کاسەسەر] هەر دەنگی ساتووری قەساوەکە خەریکیلەت لەت کردنی لا شە یە کە دێتە گوێ . ئەو پیاوێکی زەبەلاحو سیما رووشە کە بە شێوەیەکی درندانە خەریکی پارچە پارچە \کردنی لاشەی گۆشتە ئەو لیباسێکی ڕەش لەوەی پیاوی پشت چەماوی لەبەردایە .پاش چەندچرکە سەگێک کە پێشتر قوربانی کرابوو دێتە ناو شانۆگە ،لەبەردەم قەساودادەوەستێ و لێیدەپارێتەوە ئەو لەتێ گۆشتی دەوێ بەڵام قەساو ئاوڕی لێناداتەوە.هێدی هێدی قاوە قاوی دەورگێران فەزای شانۆ دادەگرێت .ئەوان لە بۆ شاییەکانی کاسەسەرەوە دێنەخوار بۆ سەر تەختیشانۆ هەرکامیان بە شێوەیەکی تایبەت بەرەولای سەگ دەرۆن و دەورەی دەدەن و بە تووڕەیی و ڕق و قینەوە ڕاوی دەنێن [هەموودەورگێران جگە لە قەساو ەکە سەری لە کاری خۆیدایە]سە گ گێرودە دەبێ . لە پڕ هەموو دەورگێران لە جێێ خۆیاندا زنج دەبن [سەگ هەر بە تەنیالە جێگای خۆیدا

دەجوولێ و دەروانێتە ژن و پیاوەکە]و ڕووناکی ناو هۆلەکە واتە هەمان باریکە رێ ناو بینەران کە پێشتر بۆ ئەو بەشە رووناکی دابین کراوە ،رۆشن دەبێ و ژن پیاو دەس بە سەماو کایە دەکەن . وردە وردە و هەرکام لە لایەکەوە دێنە سەر شانۆگەوبەناودەورگێراندابەسەماوەلەشانۆگەدەردەچن .پشت بەچوونەدەرەوەیئەوان‌دەورگێران‌دەکەونەجووڵە. دەنگی ساتووری قەساو بەرزدەبێتەوەودەنگ دەداتەوە و سەگ شڵەژاو پەنا دەباتە بەر بینەران و ون ەبێ.لە دوورەوە دەنگی کەنینی خنکاوو بۆغزاوی دێتە گوێ. دەورگێران بە چەشنێکی تۆقاوو زراوبردوهانا دەبەنە بەر کاسەسەو لە بۆ شاییەکانیدا خۆدەشارنەوە . جارجار سەر دەکێشن.دەنگی کەنینەکان نزیکتر دەبیتەوە .قەساو لە پشت کۆتەکەدا خۆی حەشاردەدا .وردە وردەقەڵافەتو سەرو رووی ناحەزی پیاوی پشت چەماو دەردەکەوێ و چاوەروان لەلای چەپی بەر شانگەوە بەرانبەر قەساو دادەنیشێ. پیاوی بە تێکسمڕاوکورنۆشە گۆزەکەی بۆ دادەنێ.[هەمان گۆزەی ناو قۆرنابگا] و پیاوی پشت کووڕ پەلاماری دەدا کە لێ بات و پیاوی تێکسمڕاوبە تۆقاوییەوە دەچێتە دەرەوە.تیشکێک دێتە سەرسەری و مینا ئەویندارێ کە دڵبەری دەلاوێنێ‌لەگەڵ گۆزەکەی دڵداری دەکا.وردەوردە دەورگێران سەر دەکێشن و چاو لە یەکتر دەکەن .پیاوی قەساویش کردە دەنوێنێ[پیاوی پشت چەماو و قەساو کەلە چەپ و راستی تەختی شانۆویەکی تیشکێ بەسەریانەوەیە روناکی بۆ دەورگێرانی بۆ شایی ناو کاسەسەرەکەش دابین کراوە]بەدوای ئەودا قوساویش چاو لە پشت چەماودەکا و کۆتەکە ی لە ئامێزدەگرێ پاش ساتێ‌پیاوی کووردەی بینێ و بەسەر سووڕمانەوە لێی دەروانێ و ئەچێ بۆ لای و لەبەردەمیدا دەوەستێ‌لەم کاتەدا روناکی لای چەپی تەختی شانۆ دەکەژێتەوە]دەس ئەکا بە پێکەنین [کەنینی تایبەت بە

خۆی]قەساویش لێی دەروانێ و ئەویش پێدەکەنێ و چاویان لە چاوی یەک برێوە و پاش چرکەیەک شێوەی کەنینی پشتکوردەگۆڕێ و دەبێ بە هەناسە هەناسی تۆند و پڕ لە بۆغز ، قەساو ترساوە و ئیتر پێناکەنێ . پیاوی پشت کوور دەست پشتوێنەی دەکا و گزلێکێ دەردێنێ.قەساوی‌زەندەق نەماو چۆک دادەدا ساتووری لە دەست دەکەوێ . پشت کوور وەک پەلامار بدا و هێرش‌بێنێ گزلیگەکەی هەلدێنێ ] دەورگێران بە خۆفەوە دەروانن و لە ناو کاسەسەرەکەدا بەم لام و بەولادا دەڕۆن] دەنگی هەناسەی پیاوی پشت کوور و نیگای پڕ سۆزو پارانەوەی قەساو[لەم کاتەدا تیشکی راستی تەختی شانۆ کە بەسەر پشت کوور و قەساو ەوەیە دەکوژێتەوەو دەس بە جێ لای چەپی تەختی شانۆ روناک دەبێتەوە]لە ناکاو روناکی تەختی شانۆ داپیاو وژن دەردەکەون بەدانیشتنەوەبەرامبەربەیەک‌کایەدەکەن و ئەدادەردێنن[دەنگی موسیقایێ‌بە سۆزو خەمین دێتە گوێ]و پێدەکەنن‌دوای چرکەیێک‌روناکی‌ئەویش‌دەکوژێتەوەوهەرکاسەسەرودەورگێرا نی ناوی دیارن.ئەوان ئەم دیمە نانە یان دیتوە و لەیەکتر دەڕوانن ، بێ گەرد و بە نائۆمێدی و سەر شۆر دێنە خوارەوەو بە ئاستەم دەست لە یەکتر دەدەن چما خۆیان ون کردووە و کەشی‌ژیینیان ناناسن . [سەر تەختی شانۆ بە تەواوی روون بووە تەوە]دەنگی پێکەنینی قەساوو پیاوی پشتکوور دێت، دەورگێران بە ترسێکی زۆرەوە هەڵدێنە سەر جێگەی خۆیان و خۆ حەشار دەدەن پیاوی پشتکوور و قەساو دەردەکەون ، پیاوی تێکسمڕاو بەسەر شانی قەساوەوەیە کە بە ناو تەختی شانۆ دەیسورێنێ و ئازاری دەدا.پیاوی پشتکوورمەست و سەر خۆشە و دەفرەکە بەسەروە دەنێ.هیدی هێدی پیاوی تێکسمڕا دێننە چەقی تەختی شانۆ و بەدەم ئازار داینەوەوپیاویپشت کوور شەرابی دەرەکە دەرژێنێ

بەسەریدا لەم کاتەدالەبەر تەختی شانۆ لە ناو بینەرانەوە دیسان‌سەگێ‌کەلەسەرەتای شانۆدا قۆربانی کرابوودەردەکەوێ و دەیهەوێ بچێتە ناو دەورگێرانەوە قەساو سەگ دەبینێ و بانگی دەکا وسەگیش بەکەیفەوە دەچێ بۆلای و خۆی لێدەسۆی قەساوو پشتکوور لە یەکتر دەروانن و پاشان قەساوقەلادەی سەگ دەگرێ و دەیبەنە ناو قوربا نگە. پیاوی پشتکوور خۆشحالە .قەساو گزلیکە کەی هەلدێنێ و سەگ لێی‌دەروانێ‌هاوکات‌پیاوی‌پشت‌کووریش‌گزلیکی‌هەڵدێنێ،دەور گێران‌دەروانن[لەناوکاسەسەرەوە]لەگەل بڕینی گەرووی سەگدا پیاوی پشت کووریش سوور ئاوێ ناو دەفرەکە دەخواتەوە و پێدەکەنێ و خۆین دەپژێ.دەورگێران دەس دەکەن بەقیژە قیژ و پیاوی پشتکوور بەرەولایان ئاور دەداتەوە و هەمویان خۆ دەشارنەوە.پیاوی تێکسمڕاوگۆزە کە بۆ لای راستی تەختی شانۆدەگۆزێتەوەودەفرەکە لە پیاوی پشتکوور دەستێنێ[سەگ زنج بووە] دەفرەکە لە خوێنی گەرووی سەگ پر دەکات دەیرژێنێتە ناو گۆزەکە وە[بەرشتنی خوێن بۆ ناو گۆزە سەگ دەکەوێ و پەلە قاژێ دەکات ].[تاریکی تەختی شانۆ دادەگرێ]هەموو دەور گێران لە شوێنی خۆیاندا[هەمان فەزا و بۆشایی ناو کاسەسەر ] وەستاون و دەروانن . ژن و پیاو لە سووچێکەوە دێنەناو تەختی شانۆ و خەریکی کایە و دلداری دەبن.قەساو پیاوی پشتکوور لە ناو قوربانگەوەبەد فەرانە ماتلن! پیاووژن دێنەسەرتەختی شانۆو پاش تۆزێ کایەکردن پیاو هەست بە تینوێتی دەکاو گۆزەکەدەبینێ، بەرەو لای دەچێ ، دەورگێران ناو کاسەسەودەورو پشتی بە تکا کارییەوە هەول دەدەن‌بەری پێ بگرن بەلام پیاو ئاوڕیان لێ ناداتەوەو ژن خەریکی کایە کردن وئاکاری‌مندالانەی‌خۆیەتی . پیاو گۆزە کە بەسەرەوە دەنێ و تۆزیکی لێدەخواتەوە و دەچێ بۆ لای ژن ،ژن

بەدڵپاکییکی مندالانەوە بەرەو رووی دەچێ بەلام پیاو بە هەڕە شەوە دێ بۆ لای. قەساوهاتەتە خووارەوە و قامچییەکەی پشتکوور ی پێدەدا ، قامچی لێدەگرێ و پاش بێدەنگییە کیکورت بەر ئەبیتەگیان ژن و لێی دەدا.قیژە و گریانی ژن تەختی شانۆ کە دەتەنی و دەورگێرانبەم لاو بەو لادا دەرۆن و هاوار دەکەن مینا حەیوانێک لە قەفەسدا قەساو زمان لووسانەسەردادەنەوێنێ و پشتکوور هێدی هێدی دێتەخوار و لە پشتی پیاوەوە گزلیکێی لێدەدا.پیاو دەکەوێ . ژن دەقریشکێنێ و دەگری .پیاوی پشتکوور بە کەنینی قیزەونی خۆیەوە ئیستاکە بووەتە خەم خۆر و خاوەن بە زەیی ،دلخۆشی دەداتەوە.و لەگەل خۆی دەیباتەدەرەوە.قەساویش زەردەخەنەیەک دەکات و بە سووکی و لە گۆشە چاوەوە دەروانێتە دەورگێرانی ناوکاسەسەر. ئەوان خۆدە شاردنەوە. دەگەرێنەوە لایکۆتەی قەساویخۆیەوە.تاریکیدادێوبە تەنیا چەقی تەختی شانۆ جێگایەک کە پیاو کەوتووە رووناکە . پاش کەمێک بێدەنگی پیاو هەر وەک سەرەتای هاتنە دۆنیای گێژ و مات هەڵدەستێ،ئەو بووە بە سەگ!بە چەشنێکی بێگەردو گێژ لەتەختی شانۆ دەگەرێ. بەرەبەرە دەورگێران لە کاسەسەر دێنەخوار و بە شێوە گەلێکی تایبەت بەرەو ڕووی دەچن و دەورەی دەدەن. [بەحالەتی تووڕە و پڕ لەقین] ئەو بە ترسێکی زۆرەوە وە لێیان دەروانێ لەم کاتەدا هەمدیس دەورگیران لە جێ خۆیاندا زنج دەبن و تەختی شانۆگە وشک دەبێ. رووناکی باریکە رێێ ناو هۆڵ رۆشن دەبێ. پیاوی پشتکوور و ژن خەریکیکایە و سەمان و دوای چەن ساتێک هۆڵەکە تاریک دەبێ وپاشان دەورگێران لەسەر تەختی شانۆ دێنە سەرتەختی شانۆ بە ناو دەورگێران دا دەگەرن و دەچنە دەرەوە.بە ڕق وقینەو،پیاو کە ئێستە بووەتە سەگ بەرەو بینەران ڕاو دەنێن .لەم کاتە دا دەنگی موسیقایەکی خۆش

دێتە گوێ و پیاوی پشتکوور و ژن بە سەماوە دێنە سەر تەختی شانۆ و دەورگێرانیش دەچنە سەر جێگەی خۆیان و لەویادا سەما دەکەن دوای ساتێ پیاوی پشتکوور شان دادەدا و ژنیش هەر بەدەریدا سەما دەکاو لەم کاتەدا پیاوی تێکسمراو دەفرەکەی بۆ دێنێ و رادەوستێ و چاو لە ژن دەکات پاش ماوەیەک پیاوی پشتکوور پیی دەزانێ و ڕاوی دەنێ وپەلاماری ژن دەدات کە دێ بیگرێ تاریکی دادێ.رووناکی دێتەوە.پیاو بە قولاپەوەهەڵواسراوە .قەساو لە پاڵیدا چەقۆ تیژ دەکات.لەم کاتەدا دەورگێران وردەوردەدێنە خوار ولەبەرکۆتەدادەوەستن و بۆ پلە گۆشتێک دەپاڕنەوە.لە ناکاودەنگی قیژە قیژی ژن وپێکەنینی پشکووڕدێتەگوێ و ژن لەسەرتەختی شانۆ دا دەبینن.چاوی بەتەرمی هەڵواسراوی پیاودەکەوێ ووشک دەبێ.قەساوبەرەوڕووی دەچێت.ژن بە ترسەوە پشت و پشت دەروا.لە پڕپشتکوورلێی دەر ئەکەوێ و ژنبەتۆقاوییەوەسەیریدەکاوبەرەودەورگێرانهەڵدێ.قەساوبە قامچیتێیبەرئەبێ.لەبەردەمهەرکاملەدەورگێرانرادەوستێو لێیاندەپارێتەوە[وەکداخوازیرزگاری]بەلامهیچیانیاریدەی نادەنوبەسەرشۆرییەوەدەچنەسەرجێیخۆیان.ئێستەژنلەناو قوربانگەدایە.پشتکووربەرەورووی‌دەچێ.ئاوردەداتەوەوساتو ورلەدەستیقەساودەسێنێ،ئینجابەرەورووی‌ژندەچێ،گزلیکێ بۆهەڵدێنێو......[تاریکی]رووناکی.پیاوبەقولاپەوەهەڵواسراوە وتەرمیژنیش لە سەر کۆتە کە دا راکێشراوە.پشتکوورچەقۆ تیژدەکات.لایکۆتەکەی ئەو پەرەوە قەساو لێی دەروانێ.بەرەو پشتکووررێ دەکەوێ.هێدی هێدی دێتەسەر چواردەست و پێ و شێوەی سەگ دەگرێ و داوای گۆشت دەکا.وردە وردە دەورگیرانیش دێنە خوار و داوای گۆشت دەکەن . پاش ساتێ سەگی سەرەتای شانۆ دێت و لایان دەوەستێ. پشتکوور گزلیک هەلدێنی و.....[تاریکی] دەنگی موسیقایە کی بەسۆز

**دێتە گوێ . تیشکێ لە بەر تەختی شانۆدا هەڵدەبێ و پیاوی تێکسمراوتێیدا دادەنیشێ و لە بینەران دەروانێ . پاش ماوەیێک ......[تاریکی]**

کۆتایی

Filename: 1خۆره.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: dilax
Keywords:
Comments:
Creation Date: 8/25/2009 3:56:00 AM
Change Number: 6
Last Saved On: 8/25/2009 4:01:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 50 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:52:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 10
Number of Words: 2,192 (approx.)
Number of Characters: 12,496 (approx.)